The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سەرانسەری لە ڕۆژی 21-8 بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی عێراق، لە ڕۆژی دادگاییکردنی سەدام حسێن لە سەر دۆزی ئەنفال

**هاووڵاتیانی خۆشەویست**

**ڕەوەندی کورد لە هەر وڵاتێک هەن**

**پارت و ڕێکخراو و کەسایەتییە کوردستانییەکان**

**مرۆڤدۆستان ئازادیخوازان**

بڕیار وایە ڕۆژی 21-8-2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دادگایی بکرێن، هەر وەک ئاگادارن لە دادگای شاری لاهای لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی ناسینراوە، بۆیە نابێت لە دادگای بەغدا، بە ئەنجامی لەوە کەمتر رازی ببین.

لە ڕۆژی دادگاییکردنی "سەدام حسێن"دا، خۆپیشاندانی سەرانسەری بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانیَعێراق لە وڵاتانی دەرەوە ڕێک دەخەین، پشتگیری لە دادگاییکردنەکە دەردەبڕین و داواکارییەکانمان جارێکی دیکە پێشکەش دەکەینەوە و گوڵی ڕەش لەبەردەم دەرگای باڵیۆزخانە و قونسڵییەکان دادەنێین، هەموو کەس و لایەنێکیش دەتوانێت بەشدار و هاوکار بێت لەو کەمپینە سەرانسەرییە.

داواکارییەکانمان لەم خاڵانەی خوارەدا خۆ دەبینێتەوە:

- دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.
- دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.
- کارەساتی کیمیابارنکردنی شارەکانی " سەردەشت، زەردە، شنۆ، ئاڵوەتان، ڕەشە هەرمی ....، هەروەها بۆردومانی شارەکانی باینجان , بانە، خانە، مەریوان، کرماشان ... لە دادگای تاوانباران پەروەندەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، قوربانیانیش قەرەبوو بکرێنەوە.
- بەشێک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە کوردستان ، بە تایبەتی بۆ شاری هەڵەبجە.
- دەبێت حکومەتی عێراقی بە فەرمی بە دوای چارەنووسی ئەو زارۆک و ژنانەدا بچێت کە فرۆشراون یان بەخشراون بە وڵاتانی عەرەبی.

- هەموو تاوانبارانی ئەنفال بە بێ جیاوازی دادگایی بکرێن، دەزگا حیزبی و ئیدارییەکانی کوردستان و عیراقیان  لێ پاک بکرێتەوە .
- پێویستە شاری هەڵەبجە و سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی تری کوردستان کە بە هۆی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە و ئەنفالکردن و کیمیابارانەوە زیانیان لێ کەوتووە ، لە ژاری کیمیایی پاک بکرێنەوە و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتوو بۆ دانیشتووانیان دابین بکرێت.
- هەموو قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە، حکوومەتی کوردستانیش بە پەلە بڕیار بدات هەموو ئیمتیازاتی شەهیدانەیان بۆ دابین بکات.
- تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو قوربانیانە بەدەست نەخۆشی و بە ئازاری بریندارییەوە دەناڵێنن، دەبێت بە پەلە چارەسەر بکرێن.

لە کۆتاییدا داخوازین لە هەموو پارت و ڕێکخراو  کەس و لایەنێکی دڵسۆز، بەشداری لەم کەمپینە سەرانسەرییەدا  بکەن، بەشداریکردنتان لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی ڕۆژی 21-8-2006، پشتگیری ئێوە لە دادگاییکردنی تاوانباران سەروەرییەکی دیکەیە دەچێتە سەر مێژووی پڕ لە تێکۆشان و قوربانیدانتان.

بۆ بەشداریکردن لە کەمپینەکە و پەیوەندیکردن  بە چاکەوە :

Chak_org@yahoo.com

www.chak.info

ناوەندی چاک
27-6-2006